# حوكمی سوجده بردنی ئافرەت بۆ پیاوەكەی وەكو ڕێزلێنان

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم سجود المرأة لزوجها ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی سوجده بردنی ئافرەت بۆ پیاوەكەی وەكو ڕێزلێنان

**پرسیار :** پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی : « لو أمرت أحدا أن یسجد لأحد لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها » ، بەڕێزان دەكرێت ڕوونكردنەوەیەكمان بۆ بدەن لەسەر ئەم فەرموودەیە، كەئایا دروستە ژن وەك ڕێزێك سوجدە بۆ پیاوەكەی ببات ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ودرود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمد المصطفى و ئەهل وبەیت وهاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

سەرەتا ئەم فەرموودە بەچەند ڕێگایەك گێڕراوەتەوە وفەرموودەیەكی صەحیحە... یەكێك لەسەبەبی ورودەكانیشی وەك لە (تحفة الاحوذی) دا باسكراوە كە هەندێك لە أصحاب كەلەشامەوە هاتنەوە لەوێ بینیبویان كە خەڵكی سوجدە بۆ گەورە و كاربەدەستەكانیان دەبەن ئەمانیش كە هاتنەوە بۆ مەدینە ووتیان بەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) كەڕێگایان بدات سوجدەی بۆبەرن

چونكە پێغەمبەر لەوان ئەحەقتربووە، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕێگای نەدان وڕێگری لێ كردن و ئەم فەرموودەی فەرموو : ئەگەر فەرمانم بكردایە كەسێك سوجدە بۆ كەسێكی تر ببات ئەوە فەرمانم دەكرد ژن سوجدە بۆ پیاوەكەی ببات ... ( كەواتە لەم فەرموودەیەوە ئەوە وەردەرگیرێت :

**یەكەم :** سوجدە بردن تەنها بۆ خوا دەبرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا ﴾ (62) سورة النجم. بۆیە سوجدە بردن بەهیچ شێوەیەك دروست نییە تەنانەت بۆ پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) چ جای ژن بۆ پیاوەكەی ببات .

**دووەم :** واجبە ئافرەت گوێڕایەڵی پیاوەكەی ببێت ولەفەرمانی دەرنەچێت چونكە پیاو بەو هەموو ئەركەی كە خوای گەورە خستویەتیە ئەستۆی لەنەفەقە دان وخزمەتكردنی ماڵ ومناڵ وهاوسەرەكەی زۆر ماندوو دەبێت... بەڵام ئەمەیش بۆ پیاوێك كە خواناس بێت ولەسنوورەكانی ئیسلام دەرنەچێت و خێزانی ئەزیەت نەدات و فەرمانێكی پێ نەكات كە خوای و پێغەمبەرەكەی پێی

نارِازی بن چونكه قاعیده شەرعیەكە دەڵێت :   (لا طاعة لمخلوق في معصية الخالق) واتە   :   گوێرایەڵێ مەخولقێك ناكرێت لە سەرپێچی كردنی پەروەردگاری خالقدا ... بۆیە ئەگەر هاتوو فەرمانێكی پێكرد كە تاوان و گوناهـ بوو ئەوا ئەو كاتە خێزانی دەتوانێت بەگوێی نەكات وسەرپێچی بكات ....

**سێیەهەم** : سوجدە بردنی كەسێك بۆ كەسێكی تر كەبەرێز و ئیحترامی بزانێت گوناهی گەورەیە.... خۆ ئەگەر ئەو سوجدە بردنە سوجدە بردنی پەرستن بێت ئەوە كوفر و بێباوەڕیە ولەئیسلامدا هیچكامیان ڕێگەی پێ نەدراوە، وەك لەفەرموودەیەكی تردا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی   :   "  لا تعظموني كما يعظم الأعاجم بعضها بعضا "   {رواه مسلم} واتە  :  بەگەورەم مەگرن وەك ئەوەی هەندێك لەعەجەمەكان دەیانكرد لەگەڵ هەندێكی تردا....
ئاشكرایە فارسەكان كاتێك ئەچونە لای گەورە وپاشاكانیان سەریان بۆ دادەنواندن وكڕنووشیان بۆ دەبردن... ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیە لەسەر حەرامی كڕنووش وسوجدە بردن بۆ غەیری خوای گەورە... ئەو سوجدەیەشی كە براكانی یوسف ودایك وباوكی بردیان سوجدەی ڕێزبووە           .... بەڵام

لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا ئەوەش ڕێگای لێگراوە و بەکارێکی حرام

ویاسایغ دانراوە، وەك شێخ الاسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە

مجموع الفتاوى (بەرگی 1/لاپەڕە 377 )باسی کردووە...

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە.